کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-8-2007 16:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمەڵگای کوردی و ئاڵۆزی سیاسی و... ! شەهلا یارحوسێنی

ڕۆژگاری نەتەوەی کورد هەروەک ئێستا لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، ئاڵۆز بووە و هەنووکەش لە زۆر بواردا ئەو ڕابردووە تاڵە، دۆزی ئەم نەتەوەیەی بەرەو ژیانێکی ئاڵۆز و دژوارتر بردووە!



گەر بمانەوێت بە دوای نەهامەتیەکانی خەڵکی کورد بکەوین، دەتوانین بڵێین: بە درێژایی مێژوو و بە تایبەت لە سەدەکانی18-19 ی زایینی بەملاوە، کورد بە بەردەوامی چەوساوەتەوەو زوڵمی لێکراوە.

چوارپارچەی سووتاو، بەشکراو بە سەر چوار وڵاتی دیکتاتۆر و خوێنرێژ و نەبوونی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری و نەبوونی ژێرخانی ئابووری و جێنووساید و میلیتاریزەکردنی کوردستان و دەیان کرداری نامرۆیی دیکە کە خوڵقێنەرەکەیان هەر دەستی بێگانە بووە لە وڵاتی ئێمە، هۆکاری ڕوونن بۆ ئەوەی بخوێنینەوە، وڵاتی ئێمە بۆ لەبواری ئابووریدا خاوەن بنەمای ئابووری خۆی نییە و لاوازە! هەر لەو کاتەوە تا ئێستا، ئەم چوار وڵاتە بەبەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدابوونە کە نەتەوەی کوردبە هەرشێوازێک بووە لە ناو بەرن و ناوی کوردو کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان بسڕنەوە.

ئێستاشی لەگەڵ بێت گەر باسی هەرکام لەو وڵاتانە دەکەین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پاڵپشتی تێرۆرستان دەکەن و ڕەوانەی سنوورەکانی ئەو بەشە لە کوردستانیان دەکەن کە ئێستا بە بەشێک لە مافەکانی خۆی گەیشتووە، بەو مەبەستەی کە سەقامگیری و ئارامییەکەی تێکبدەن.

ئەو بەشە لە کوردستان جگە لەوەی کە لە بواری سیاسییەوە بووەتە هەڕەشە بۆ وڵاتانی دەوروبەری خۆی، لە بواری ئابووریشەوە بە هەمانشێوە خەریکە دەبێتە نموونەیەک بۆ ئەوەی کە کورد خۆی دەتوانێت ژێرخانی ئابووری وڵاتی خۆی بنەما بۆ دابنێت. ئەمەش وادەکات کە بووژانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وێرای هەموو ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش بۆ کورد لەو پارچەیە، ڕوو لە گەشە بێت و داهاتی ساڵانەی هاووڵاتییان بچێتە سەرەوە. زیاتر چوونە سەری داهاتی ساڵانەی تاکی کورد لەو بەشە لە کوردستان، هۆکارە بۆ ئەوەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، کوردان بیر لەوە بکەنەوە وەک ئەو بەشە لە کوردستان، لە ژێر ئاڵا و سیستەم و دەسەڵاتی خۆیی بژین و ژێرخانی ئابووری وڵاتی خۆیان بەهێزبکەن و لە هەژاری و ڕۆژەڕەشی بێنە دەرەوە. بزووتنەوە مەدەنییەکانی گەلی کورد لەو پارچانە نیشاندەری ئەوەن کە نەتەوەی کورد دەیەوێت بەهەرشێوەیەک بووە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکان ببێتەوە و بە مافەکانی خۆی بگات و لەو ئاڵۆزییە سیاسی و ئابوورییەی کە هەیە و زاڵە بە سەریدا، بێتە دەرێ. ئەوەیە کە بە داخەوە دەبینین وەڵامی هەر داوایەکیان بە ئاگر و ئاسن دەدرێتەوە و کوردستان لەباتی ئەوەی کە ئاوەدان بکرێتەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە کراوە بە دۆزەخ و ئاگری نەیارانی ئەم نەتەوەیەی تیا دەگڕێت.

لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا جینوسایدی کورد بە چەندین شێوە لە ڕێدایە و دەبینین کە بۆ نموونە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموو شەقام و بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پڕ کردووە لە مەوادی بێهۆشکەر و دەیەوێت بەم شێوەیە بیر و هزری لاوانی کورد تێکبڕوخێنێت و لەبیری ئەوەیان نەهێڵێت کە کوردن و خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێستاش ئەو بەشە ئازاد کراوەی کوردستان رۆژانە بە سەدان کەس لە تیرۆریستان و مەوادفرۆشانی لە لایەن رژێمەکانی دەوروبەرەوە بۆ رەوانە دەکرێت بەو مەبەستەی کە شیرازەی کۆمەڵگای کوردی، تێکبدەن ودەسەڵاتی کوردی لەو بەشەدا بە چۆک بێنن و کورد و ئەزموونەکەی لەنێو بەرن.
ئێستا کورد لە هەر چوار پارچەکەدا تووشی دەیان کارەسات دەبن بە هۆی کورد بوونیانەوە.
زۆر جاریش مافی ئەوەیان نیە بۆ خۆیان سەر گەرمی کار و بژێوی ژیان بن بۆ خێزانەکانیان.
ئەگەر باس لە ژیان و بژێوی خەڵکی کورد بکەین، کورد، هیچکات مەودای ئەوەی نەبووە ژینێکی ئاسایی هەبێت.
هەمیشە رژێمە سەرکوتکەرەکان بە دوای ئەوەدا بوونە کە چۆن کورد لەنێو بەرن یان بەگژ یەکیاندا بدەن. کەواتە کورد لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردایە کە دەبێت بەوپەڕی وردبینییەوە جەمسەرەکان لێکداتەوە و ئەرکەکانی خۆی زیاتر بکات، بۆ ئەوەی ئەمجارەش وەک جارەکانی رابردوو، خۆی و ئەزموونەکەی لەنێو نەبەن و بۆ دەیان ساڵی دیکە وەدوای نەخەن!
2007 .08 .15 ،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.